# شیعر چییە؟

**جۆن ستیوارت میل**
**لە ئەڵمانییەوە ڕزگار سەعید**
**(ئەڵمانیا)**

بەردەوام پرسیار کراوە، شیعر چییە؟ وەڵامەکانیش گەلێک و هەمەچەشن بوون. زۆرترین و لاوازترینییان ئەو وەڵامەبووە، هیچ کەسێک خاوەنی ئەو توانست و هێزانە نییە کە شیعر کاریان لەسەر دەکات، هەرگیز بەو وەڵامانەش قایل نەبووە شیعر تێکەڵی نووسینی ڕیتمی بکات.

(بەهۆی شکستی هەموو هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی تری جیاکەرەوە، زۆرێکیان گەڕاونەتەوە سەر ئەم پێناسە بێ بنەما و بێکەڵکە تا ئەو شتە جیابکەنەوە کە خۆیان پێیان گوتووە شیعر و لەژێر ناوی دی ناسیویانە، پاشان پاشەکشەیان لێ کردووەتەوە.)

لە بنچینەدا وشەی (شیعر) سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، شتێکە ڕەنگە لە شتێکی تردا هەبێت و پێی بگوترێت نووسراو، یان پەخشان، شتێکە پێویستی بە ئامرازی وشە نییە، بەڵکوو دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو هێما بیستراوانەی دیکەوە گفتوگۆ بکات کە پێیان دەوترێت دەنگە میوزیکییەکان، تەنانەت لە ڕێگەی هێما بینراوەکانی پەیکەرسازی، وێنەکێشان و تەلارسازیشەوە بدوێت.

هەموو ئەمانە، بە بڕوای ئێمە، هەست پێ دەکرێن و دەبێت هەستیان پێ بکرێت، ڕەنگە نادیار بن، لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی بێجگە لە گوێگرتن، شیعر بە هەر شێوەیەک بێ کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات.

شیعر، یان هیچ نییە بۆ مێشک و ڕوح، یان باشترین بەشی هونەری ژیانی ڕاستەقینەیە. جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان شیعر و ئەوەی کە شیعر نییە هەست پێ دەکرێت، ئەوجا ڕوون کرابێتەوە، یان نا، ئەوە خاڵە بنەڕەتییەکەیە.

کاتێک کەسەکان هەست بەو جیاوازییە دەکەن، واتە جیاوازییەک بوونی هەیە. دەشێت تێکڕای ڕوانینەکانی دیکە هەڵە بن، ڕوانینی جیاوازیی بۆ خۆی جیاوازییەکی ڕاستەقینەیە.

ڕوانینەکانیش هەروەک شتەکانی دی، پێویستە هۆکارێکیان هەبێت، ئەو شتەی دەتوانێت هۆکاری هەر شتێک بێت، تەنانەت خەیاڵیش دەبێت ڕاستی بێت.

لە کاتێکدا بەم شێوە نیوە فەلسەفییە ڕەخنە


لە پۆلێنکردن و جیاکارییە دەرکەوتووەکانی زمانی گشتی دەگیرێت، لەوانەیە فەلسەفەیەکی تەواو لە بەرزترین ئاستی خۆیدا چەند شتێکی نوێتر بخولقێنێت، بەڵام هەرگیز ڕەتبەندییە کۆنەکانیش (جیاکردنەوەی شتەکان لە سروشت و کولتوور) فەرامۆش ناکات، بەڵکوو بە ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنیان ڕازی دەبێت.

فەلسەفە کەناڵی نوێ بۆ بیرکردنەوە دەکاتەوە، ئەوانە پڕ ناکاتەوە و دایان ناپۆشێت کە پێشتر ئامادەکراون، بە پێچەوانەوە، ڕێچکەدارەکان قووڵتر، فراوانتر و ڕوونتر دەکات، ئەو کەناڵانە دیاری دەکات کە تێیدا لافاوەکە بە سروشتی خۆیدا تێپەڕیوە.

کەواتە با هەوڵ بدەین، لە پرسیارێکی سادەوە دەست پێ بکەین، نەک پێناسەیەک بە ناچاری لە چوارچێوەیەکی هەڕەمەکیدا قەتیسمان بکات، ئەو سنوورانە بدۆزینەوە کە خۆی داینـاون، پەرژینێک بە دەوریاندا دروست بکەین؛ نەک مرۆڤایەتی بەرپرس بکەین بەوەی وشەی (شیعر)یان بە هەڵە بەکارهێناوە، یان ئەو ئەندێشانە ڕوون بکەینەوە کە خۆیان پێوەی پەیوەست دەکەن، بۆیان ڕوون بکەینەوە وەک ڕێسایەکی جیاواز بۆیان دابنێین، نەک بە هەستێکی تاریکەوە ڕێنمایی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەیان بۆ بکەین.

ئامانجی ڕاستگۆیانەی شیعر ئەوەیە کاریگەریی بکاتە سەر هەست و دەروون؛ لەوەدا بە تەواوی لەو پەیامەی وۆردس وۆرث جیا دەکرێتەوە کە پێچەوانەی لۆژیکی ئەوە، واتە بریتیی نییە لە پەخشان، بەڵکوو بابەتێکی ڕاستەقینە و زانستییە.

یەکەمیان ڕوو دەکاتەوە سەر باوەڕ و ئەویدی ڕوو دەکاتەوە سەر هەست، یەکەمیان کارەکەی بە قایلکردن، یان قبووڵکردن دەکات، ئەویدی بە ورووژان. یەکەمیان پێشنیارێک پێشکەشی مێشک دەکات، ئەویدی ناوەڕۆکە سەرنجڕاکێشەکانی تێڕامان بە هەست و سۆز، هەرچەندە ئەمە لە پێناسەکردنی شیعر زۆر دوورمان دەخاتەوە، ئێمە لەیەک شت جیامان کردووەتەوە، بۆیە پابەندین بە جیاکردنەوەی لە هەموو شتانێکی دی.



جۆن ستیوارت میل

ناردنی بیرۆکە، یان وێنە بۆ دەروون بە مەبەستی کاریگەریی لەسەر هەست، تەنیا بە شیعرەوە تایبەت نییە، بەڵکوو بوارێکیشە (بۆ نموونە) بۆ ڕۆماننووس، توانایی شاعیر و ڕۆماننووس دوو توانایی جیاوازن؛ وەک توانایی ڕۆماننووس و وتاربێژ، یان شاعیر و فەیلەسووفێکی میتافیزیکزان، دەشێت ئەم دوو کارەکتەرانە یەکگرتووبن، وەک دوو کارەکتەری زۆر جیاواز؛ بەڵام هیچ پێوەندییەکی سروشتی پێکەوەیان نابەستێتەوە.

زۆرێک لە جوانترین شیعرەکان هەڵگری فۆرمی خەیاڵین و لە شێوەی ڕۆماندان، بە

نزیکەیی لە زۆربەی ڕۆمانە باشەکاندا شیعری ڕاستەقینە ئامادەیی هەیە، بەڵام جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە لە نێوان ئەو خوڵقانەی لە ڕۆمانێکدا وەک خۆی هەستی پێ دەکرێت، لەگەڵ ئەو حەزەی شیعر دروستی دەکات؛ لەبەر ئەوەی یەکەمیان سەرچاوەی هەستە و ئەوی دیکەیان لە ڕووداوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە یەکەمیاندا سەرچاوەی هەستە خوڵقێنراوەکە نمایشی دۆخێک، یان چەند دۆخێکی هەستیاری مرۆڤ دەکات؛ لەوی تردا، نمایشی زنجیرەیەک بارودۆخی دەرەکی سادە.

ئێستا، هەموو مێشکێک بە مەودای جیاواز توانایی کاریگەریی جۆری دووەمیان هەیە و بەنزیکەییش هەموویان بە پیشاندانی جۆری یەکەم کاریگەرن.

ئەم دوو سەرچاوە خوڵقاوە لەگەڵ دوو ناسنامەی جیاوازی دەروون یەک دەگرنەوە، بەڵام لە پێناو گەشەسەندنی باڵاترینیان، ناتوانن یەکتر لەخۆ بگرن و دژ بەیەکتر دەوەستنەوە.

سروشتی شیعر ئەوەندە جیاوازە لە سروشتی گێڕانەوەی چیرۆک، بەشێوەیەک خۆشەویستییەکی بەهێزی ڕاستەقینە بۆ هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی بێئاگاییەکی هاوتەریب، یان هاندەر بۆ ئەوی دیکە.

لە چ تەمەنێکدا حەزت بۆ چیرۆک دەجووڵێت، بۆ هەر جۆرێک، تەنیا وەک چیرۆک زۆر بەهێزە؟ لە منداڵیدا، ئاخر ئەو تەمەنە ئەو کاتەیە شیعر، تەنانەت سادەترین جۆریشی، کەمترین چێژی لێ وەردەگیرێت و کەمتریش لێی تێ دەگەین؛ ئەو هەستە تایبەتییانەی پێوەندییان پێوە گرێ داوە، هێشتا گەشەیان نەسەندووە، بە کەمترین ڕادەش ئەزموون نەکراون، بۆیە ناتوانرێت هاوسۆزیان لەگەڵدا بکرێت.

دووبارە پرسیارەکە بە جۆرێکی دی، لە کام قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، گێڕانەوەی چیرۆک زۆرترین بەهای پێ دراوە و چیرۆکگێڕەوەش زۆرترین داواکاری و ڕێزی لەسەر بووە؟

لە دۆخێکی سادەی بێ ئەدەبدا، وەک دۆخی تەتار و عەرەبەکانی ئەم سەردەمە و بە نزیکەی هەموو نەتەوەکان لە سەرەتاییترین حاڵەتیاندا شیعریان کەم بووە، بێجگە لە بەیتە شیعر و زۆربەی گێڕانەوەکانیشیان ڕاپۆرتی بوون، واتە، لە بنەڕەتدا چیرۆکن و سەرچاوەی سەرەکییان لە ڕووداوەکانی دەرەوە وەرگرتووە.

ئەگەر وەک شیعر سەیر بکرێن، لە نزمترین و سەرەتاییترین ئاستدان. هەستە وێناکراوەکانیان ڕەنگە پیشان بدرێن، بەڵام لە ئاست سادەترین هەستەکانی سروشتی ئێمەدان؛ بۆیە خۆشی و خەمەکانیان گوشاری ڕاستەوخۆی هەندێک ڕووداوی دەرەکیی تێیدا نقووم بووە، هەرگیز نە بە ویستی خۆیان و نە بە هیچ هێزێک ناتوانن بەرگری لێ بکەن، یان نەگەڕاونەتەوە بۆ بینینی جیهانی ناوەوەیان.

ئێستا لە منداڵی و هەرزەی کۆمەڵگەوە، تا دەگات بە لاو و ژنانی پێگەیشتووی ئەم سەردەمە بە مێشک و دڵی فراوان و بەرزییانەوە زۆرترین چێژ لە شیعر وەردەگرن. لە بەرانبەریشدا، قووڵترین و چۆڵترینەکان (بە تێبینییەکی گشتگیرانەوە) زۆرترین هۆگری خوێندنەوەی ڕۆمانن، ئەمەش لەگەڵ هەموو ئەزموونە هاوشێوەکانی سروشتی مرۆڤدا دەگونجێت.

ئەو جۆرە کەسانەی نەک تەنیا لە کتێبەکاندا، بەڵکوو لە ژیانیشیاندا، بە بێ گۆڕان بەردەوام خەریکی گەڕان و وروژاندنن لە دەرەوە و خاوەنی ئەو شتانە نین، چ لە وزە و توانایی هزر و زانستی، یان قووڵایی هەستەکانیان، کە بتوانن

وورووژانێکی تەواو لە نزیک ماڵەوە بدۆزنەوە.

ئەم جۆرە کەسانە کاتەکانیان لە نێوان گەشتوگوزار، قسەوباس و کات بەسەربردنی مۆدە دابەش کردووە، تەنیا چێژێکی سروشتییان بۆ چیرۆکی خەیاڵی هەیە؛ چونکە ئەو وورووژاندنەی پێشکەشی دەکەن لەو جۆرەیە کە لە دەرەوە دێت.

ئەم جۆرە کەسانە بە دەگمەن خۆشەویستی شیعرن، ڕەنگە خۆیان بەو شێوەیە دەربخەن چێژ لە ڕۆمانە شیعریی (داستان)ـەکان وەردەگرن، بەڵام شیعر، وێناکردنی کارلێکە قووڵ و شاراوەکانی دڵی مرۆڤە، تەنیا بۆ ئەو کەسانە سەرنجڕاکێشە و (پێیان ڕادەگەیەنێت) کە هەستیان پێ کردووە، یان خەیاڵیان دەوروووژێنێت بۆ تێگەیشتن لەوەی دەیانتوانی هەست بە چی بکەن، یان ڕەنگە توانیبێتیان هەستی پێ بکەن، ئەگەر بارودۆخی دەرەکییان جیاواز بووایە.

شیعر، کاتێک بەڕاستی شیعر بێت، ڕاستییە؛ چیرۆک، ئەگەر بۆ شتێک باش بێت، ڕاستییە؛ وەلێ ئەم دوو ڕاستییە جیاوازن.

ڕاستیی شیعر بریتییە لە وێناکردنی ڕۆحی مرۆڤ؛ ڕاستیی چیرۆکیش بریتییە لە پێشکەشکردنی وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان. ئەم دوو جۆرە زانیارییە جیاوازن و بە شێوازی جیاواز دێن و دەچن، زۆربەی کات بۆ کەسانی جیاواز دێن.

زۆرجار شاعیرە مەزنە بەناوبانگەکان وەک پەندئامێز لە ژیان بێ ئاگان. ئەوەی زانیویانە، لە ڕێی تێبینییەکانی خۆیانەوە نموونەی زۆر ناسک و هەستیار و ناخی مرۆڤ ئاشنا دەکەن، بە پیتی گەورە یاساکانی هەستی مرۆڤایەتی دەنووسنەوە، بە شێوەیەک دەکرێت بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بخوێنرێتەوە، بەڵام پیاوانی جیهان لەسەر مرۆڤایەتی، لە ڕێگەی ئەزموونی دەرەکی خۆیانەوە بەو زانیارییانە گەیشتوون، ئەمە بۆ ئەوان وەک شاعیر کارێکی حەتمی نییە، بۆ ڕۆماننووس ئەو جۆرە زانیارییانە هەموو شتێکە؛ دەبێت شتە دەرەکییەکان وەسف بکات، نەک مرۆڤی ناوەوە؛ کردار و ڕووداوەکان نەک هەستەکان؛ گونجاو نییە لە نێو ئەو کەسانەدا بێت، کە وەک مادام ڕۆلان دەربارەی بریسۆت وتی: مرۆڤ دەناسن، بەڵام پیاوەکان ناناسن.

هەموو ئەمانە ڕێگری لەوە ناکەن هەردوو توخمەکە شیعر و گێڕانەوە، یان ڕووداو، لە یەک کاردا کۆبکەیتەوە و پێی بڵێین ڕۆمان، یان شیعر؛ بەڵام ڕەنگە هەمان شێوەی دانانی ڕەنگی سوور و سپی لەسەر ڕوخساری مرۆڤێک، یان لەسەر کانفاسێک کۆ بکەیتەوە؛ وەک چۆن ڕۆن و سرکە سروشتی پێچەوانەیان هەیە و بۆ تامی هاوبەشیش دەتوانن تێکەڵ ببن.

جۆرێک نووسین هەیە پێویستی بە یەکگرتنی شیعر و ڕووداوە، هەر یەکەشیان بە پێی بنەما دراماتیکییەکەی خۆی. لەوێشدا هەردوو توخمەکە بە تەواوی جیادەکرێنەوە، ڕەنگە بە کوالێتی نا یەکسان و بە ڕێژەی زۆر جیاواز ببینرێت.

ڕەنگە ڕووداوەکانی شیعرێکی درامی زۆر کاریگەر نەبێت، هەرچەندە ڕەنگی هێڵکاری سۆز و کەسایەتییەکەشی لە بەرزترین ئاستدا بێت؛ وەک لە تۆرکواتۆ تاسۆ بەناوبانگەکەی (گوتێ) دا دەبینرێت، یان ڕەنگە کاریگەریی چیرۆکەکە وەک چیرۆکێکی سادە دووبارە بە باشی ئامادە بکرێتەوە، وەک لە هەندێک لە بەرهەمە خراپەکانی چاپەمەنی مینێرڤادا ڕوو دەدەن، لەوانەیە ئەوەی ئەوان زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراو و ئەگەری ڕووداوەکان بێت، هەرچەندە بە ئاستەم هەستێک نمایش دەکەن کە بە درۆ، یان بە شێوەیەکی

تەواو ئاسایی نمایشیان نەکردبێت، واتە زنجیرەیەک ڕووداوی لۆژیکی و باوەڕپێکراوی تێدا نییە و تەنیا بە شێوەیەکی ئاسایی گوزارشتیان لەو هەستە کردووە.

تێکەڵکردنی ئەم دوو لێهاتووییە کارێکی کردووە خەڵکی (شکسپیر)یان لاپەسەند بێت، هەموو خوێنەرێک لەوێدا ئەوە دەدۆزێتەوە کە بۆ تواناییەکەی گونجاوە، هەر بۆیە لای زۆرینە شکسپیر چیرۆکگێڕەوەیەکی مەزنە، لای کەمینەش تەنها شاعیرێکە و بەس.

لە سنووردارکردنی شیعر بۆ وێنەکێشانی دۆخی هەست و ڕەتکردنەوەی ناوەکە لەو شوێنەی هیچ شتێک وەسف نەکراوە، بێجگە لە بابەتە دەرەکییەکان، ڕەنگە وا بیر بکرێتەوە ئەوەمان کردووە کە بەڵێنمان دابوو لێی دوور بکەوینەوە و پێناسەیەکی دروستمان نەدۆزیبێتەوە، بەڵکوو پێناسەیەکمان دروست کردووە لە دژی زمانە ئینگلیزییەکە، ئەوە جێگیر کراوە کە شیعرێک هەیە پێی دەوترێت وەسفی (وەسفکراو)، ئێمەش ئەو تۆمەتە ڕەت دەکەینەوە.

وەسف شیعر نییە، لەبەر ئەوەی شیعری وەسفکراو هەیە، وەک چۆن زانست شیعر نییە، چونکە شتێک هەیە پێی دەوترێت فێرکاری؛ هەرچەندە بەنزیکەیی دەتوانین بڵێین، زمانی یۆنانی، یان لاتینی شیعر نییە، چونکە شیعری یۆنانی و لاتینی بوونی هەیە.

دەکرێت ئەم بابەتە وەسف بکرێت، یان وەک ڕاستییەک شوێنێک لە گۆڤارێکی زانستی پڕ بکاتەوە و دەرفەتێک بۆ دروستبوونی شیعر برەخسێنێت، کە پاشان هەڵیدەبژێرین و ناوی دەنێین وەسفی، یان فێرکاری.

شیعر لە خودی بابەتەکەدا نییە، یان لە خودی ڕاستییە زانستییەکەدا نییە، بەڵکوو لە مێشکدایە، دەکرێت تێڕامان لە یەکێکیان، یان ئەوی تریان بکرێتەوە، دەکرێت شتێک وەسف بکرێت، یان ڕەنگە ڕاستییەک پێگەیەک لە توێژینەوەیەکی زانستی پڕ بکاتەوە و ببێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی شیعر، پاشان ئێمە هەڵی دەبژێرین و ناوی دەنێین وەسفی، یان وتار.

شیعرەکە لە خودی شتەکەدا نییە، یان لە خودی ڕاستییە زانستییەکەدا نییە، بەڵکوو لە حاڵەتی مێشکدایە و ڕەنگە تێیدا تێبینی بکەین، یان بەتەنیا وێناکردنی قەبارە و ڕەنگی شتە دەرەکییەکان نابێتە هۆی دروستبوونی شیعر، وەک چۆن نەخشەیەکی ئەندازەیی کڵێسای سانت پیتەر، یان وێستمینستەر ئابی (St. Peter›s or Westminster Abbey) نابێتە تابلۆیەکی هونەریی وێنەکێشراو.

بێگومان شیعری وەسفکراو، لە وەسفکردنەوە لەدایک دەبێت، لە وەسفکردنی ئەو شتانەی دەردەکەون، نەک وەک ئەوەی هەن. ئەوانە بە هێڵکاری ڕووت ناتوانرێت وێنە سروشتییەکەیان بکێشرێت، بەڵکوو بە ڕەنگەکان ڕێک دەخرێن و لە ڕێگەی خەیاڵەوە دەبینرێن و بە هەستیشەوە دەخرێنە کار.

ئەگەر شاعیرێک شێرێک وەسف بکات، هاوشێوەی سروشتناسێک وەسفی ناکات، یان وەک گەشتیارێک ناتوانێت ڕاستییەکە دەرببڕێت. ئەو بە سمبۆل وەسفی دەکات، واتە بە ئاماژەکردن بە سەرنجڕاکێشترین لێکچوون و جیاوازییەکان، ڕەنگە بۆ مێشکێک ڕوو بدات و بیر لە بینینی شێرەکە بکاتەوە، لە حاڵەتی تۆقین، سەرسوڕمان و ترس، ئەم دیمەنانە بە سروشتی دروستیان بکات، یان لەو بۆنەیەدا، وا گریمانە بکات و چۆن دروستیان دەکات.

ئێستا ئەمە بە ڕواڵەت وەسفکردنی شێرەکەیە،

بـەڵام ڕاسـتییەکەی حاڵەتـی وروژانـی خـودی بینـەرە. ڕەنگـە شـێرەکە بـە هەڵـە، یـان زیـاد لـە پێویسـت وەسـف بکرێـت و بـۆ شـیعرەکە باشـتر بێـت؛ ئەگـەر هەسـتی مـرۆڤ بـە ڕاسـتی و وردبینانـە وێنـا نەکرێـت، ئەوکاتـە شـیعرەکە دەبێتـە شیعرێکی خـراپ، واتـە هـەر شیعر نییـە، بەڵکـوو شکسـتێکە و هیچـی تـر.

تـا ئێسـتا پێشـڕەویی زۆرمـان بـەرەو دیدگایەکـی ڕوون بـۆ بنەماکانـی شـیعر کـردووە و زۆر لـە پێناسـەیەکی شیعر کـە بەڕێکـەوت لـە چاپکراوێکدا بینیمـان نزیکمـان کردووەتـەوە، ئەوانیـش لەلایـەن شاعیران و بەهرەمەندانی گـەورەوە بـوون. یەکێکیان لەلایـەن (ئیبنیزەر ئیلیەت)ی نووسـەری (ڕیتمەکانی یاسـای گەنم) {‹Corn-Law Rhymes›کە بریتییە لـە شـیعرێکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، ڕەخنـە لـە یاسـاکانی سـتەمکاریی دەگرێـت و بـۆ پێکهێنانـی بزووتنەوەیەکـی دادپەروەرانـە هانـی خەڵکـی دەدا. شـیعرەکە ئاماژەیـە بـۆ هونەرێـک کـە دەتوانێـت بـۆ گۆڕینـی کۆمەڵگـە ئامرازێکـی بەهێـز بێـت.} بـە هەمـان شـێوە شـیعرەکانی تریشـی شایسـتەی هەمـان مەزنیـن.

ئەو دەڵێت (شیعر ڕاسـتییەکی سـۆزدارە)، ئەوی دیکەیـان لەلایەن نووسـەرێکەوەیە لـە گۆڤاری بلاک وود پێمانوایـە نزیکتـرە لە ئامانجەکەمان و شـیعری بـەم جـۆرە پێناسـە کـردووە و قسـە وردەکانـی لـە یـاد دەکەیـن و دەڵێـت: (بیرکردنەوەکانـی مـرۆڤ بـە هەسـتەکانییەوە ڕەنـگ کراون).

لـە هـەردوو پێناسـەکەدا نزیکبوونەوەیەکـی زۆر هەیـە لـەوەی ئێمـە بـە دوایـدا دەگەڕێیـن. هەمـوو ڕاسـتییەک مـرۆڤ بتوانێـت ڕایبگەیەنێـت، هـەر بیرۆکەیـەک، تەنانـەت هـەر کاریگەرییەکـی دەرەکیش بتوانێـت بچێتـە نـاو هۆشـیارییەوە دەتوانێـت ببێتـە شـیعر.

بـە بۆچوونەکـەی تریـش، ئەگـەر هاتـوو لـە ڕێـی هـەر ناوەندێکـی پـڕ سـۆزی وەک، خۆشـی، یـان خـەم، بەزەیـی، خۆشەویسـتی، سەرسـامی، ڕێـز، تـرس، تەنانـەت بە ڕق و ترسیش ڕەنگ نەکرابێت، سەرنجڕاکێشـیش بێـت، هـەر نابێتـە شـیعر، لـە کاتێکدا هـەردوو پێناسـەکە نەیانتوانیـوە جیـاوازی لـە نێـوان شـیعر و وتـاردا بکـەن.

وتـار وەک شـیعر، ڕاسـتییەکی پـڕ سـۆزە؛ فیکرە و بە هەسـتەکانی مرۆڤ ڕەنگ کراوە، تێگەیشـتنی گشـتی و ڕەخنـەی فەلسـەفەیی بـۆ هەردووکیـان بـە جیاوازییەکـەی نێـوان دەناسـرێنەوە؛ شـتگەلێک هـەن هەمـووان پێـی دەڵێـن وتـار، هیـچ کەسـێک بیـری لـێ ناکاتـەوە تـا وەک شـیعر پۆلێنـی بـکات.

هەندێـک جـار پرسـیارێک دروسـت دەبێـت، ئایـا فڵانـە نووسـەری دیاریکـراو شـاعیرە، ئەوانـەی نەرێنییەکـە دەسـەلمێنن بـە گشـتی ڕێگـە دەدەن بـەوەی هەرچەنـدە ئـەو نووسـەرە شـاعیر نییـە، بـەڵام وتارنووسـێکی زۆر باشـە.

جیـاوازی نێـوان شـیعر و هونـەری ئاخاوتـن (ڕەوانبێـژی) لـە دیدی ئێمـەوە بـە هەمـان شـێوە هێنـدەی جیـاوازی نێـوان شـیعر و چیـرۆک، یـان شـیعر و وەسـفە، ئەمـەش هێشـتا بـێ لێبڕاوانـە کەموکورتـی بـە بڕندەیـی، وەک هـەر یەکێـک لەوانـی دی ڕوون نەکراوەتـەوە، لەوانەیە هونەرمەند و ڕەخنەگـرە ئەڵمانییـەکان هەندێـک ڕووناکییـان خسـتبێتە سـەر و نەگەیشـتبێت بـە ئێمـە. بـە پێـی ئـەو زانیارییانـەی لەسـەریان نووسـیوە، نووسـین لەسـەر بابەتێکـی وا خـۆ بەگـەورە زانینـە، ئێمـە یەکـەم کەسـین جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەینـەوە هەرچییـەک ئێمـە پێشکەشـی بکەیـن، ڕەنگـە وەربگیرێـت بـە مەرجێـک ئـەوان چاکسـازی تێـدا بکـەن.

شـیعر و ڕەوانبێـژی هەردووکیـان هاوشـێوەی

دەربڕین و خستنەڕووی هەستن. ئەگەر لێمان قبووڵ بکرێت دەستەواژەی پێچەوانە بەکاربهێنین، دەبێت بڵێین ئاخاوتن بە ئاشکرا دەبیسترێت؛ شیعر بە پەنهانی. وتاردان پێویستی بە بینەرە؛ خەسڵەتی شیعر لە دیدی ئێمەوە لە بێئاگایی تەواوی شاعیردا دەردەکەوێت وەک لە گوێگر. شیعر هەستە لە ساتەکانی تەنیایی دان بە خۆیدا دەنێت، لە ناو هێماکان خۆی نمایش دەکات، نزیکترین هێما ئەو وێنەیەیە کە لە زەینی شاعیردایە، لە کاتێکدا ئاخاوتن هەستێکە خۆی بەسەر مێشکی تردا دەڕژێنێت، هاوسۆزی دەستەبەر دەکات، هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر باوەڕیان دروست بکات، بۆ سۆز و کردار بیانورووژێنێت.

هەموو شیعرێک سروشتێکی تاکوێژی مۆنۆلۆگ-ی تێدایە. ڕەنگە بگوترێت شیعر کە لەسەر کاغەزی سپی چاپکراو لە کتێبفرۆشییەکان فرۆشرا، ئیدی ئەم تاکوێژییە بە جلوبەرگی تەواوەوە کەوتووەتە سەر شانۆ، بەڵام هیچ شتێکی نالۆژیکی لە بیرۆکەی ئەم تاکوێژییەدا نابینرێت.

ئەوەی ئێمە بە خۆمانمان وتووە و دەتوانین دواتر بە کەسانی تریشی بڵێینەوە ئەوەیە، لە تەنیایی وتمان و کردمان، دەتوانین بە خواستی خۆشمان دووبارەی بکەینەوە، کاتێک دەزانین چاوی کەسانی ترمان لەسەرە و نابێت هیچ نیشانەیەکی هۆشیاریش لەسەر ئەوەی چاومان لەسەرە، لە خودی کارەکەدا بەدیار بخەین.

کاتێک ئەکتەر دەزانێت بینەرێک ئامادەیە؛ ئەگەر وەک ئەوەی بیزانێت ڕۆڵ ببینێت، ئەوە خراپ ڕۆڵ دەگێڕێت.

دەکرێت شاعیرێک شیعر بنووسێت، نەک تەنیا بە مەبەستی چاپکردن، بەڵکوو بۆ دەستخستنی بڕێک پارە، لەژێر هەر کاریگەرییەکی هاوشێوەدا، ئەگەری زۆرە و مەحاڵ نییە؛ تێکڕای ئەو بینینیانەی بۆ جیهانی دەرەوە و ڕۆژانە بوەستێنێت و لێیان دوور بکەوێتەوە، چیدی نەشتوانێت هەستەکانی بە وردی وەک ئەوەی لە تەنیاییدا هەستی پێ کردوون، یان وەک ئەوەی هەستی پێ دەکات کە دەبێت هەستی پێ بکات، دەرببڕێت، تەنانەت ئەگەر بۆ هەتاهەتایە بە بێ دەنگیش بمێنێتەوە.

بەڵام کاتێک هەڵدەگەڕێتەوە و قسە لەگەڵ کەسێکی تر دەکات؛ ئەو کردەی دەربڕینە کە خۆی ئامانج نییە، بەڵکوو ئامرازە بۆ ئامانجێک لەڕێی هەستەکانی خۆیەوە دەری دەبڕێت و کاریگەری لەسەر هەست و باوەڕ، یان ویستی کەسێکی تر دەکات، ئەوکاتە دەربڕینی هەست و بیرۆکەکانی کە بە سۆز ڕەنگ کراون و دانپێدانراون، کاریگەری لەسەر مێشکێکی تر کردووە، ئەوە چیتر نابێتە شیعر، بەڵکوو دەبێتە وتار.

بەم پێیە، شیعر میوەی سروشتی تەنیایی و بیرکردنەوەیە؛ وتار میوەی ئاڵوگۆڕیی پێوەندییەکانە لەگەڵ جیهان. ئەو کەسانەی زۆرترین هەستی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەگەر زمانێکی ڕۆشنبیریی فیکرییان بۆ دەربڕین هەبێت، بەرزترین توانایی شیعرییان دەبێت، ئەوانە باشتر لە هەستەکانی کەسانی دیکە تێدەگەن و ڕەوانبێژترینن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەس و نەتەوانەی لە شیعردا سەرکەوتوون، ئەوانەن کەسایەتی و حەزەکانیان کەمترین وابەستەیی خۆشگوزەرانی کردووە بە پێداهەڵدان و هاوسۆزی، یان هاوڕایی بوون لەگەڵ جیهان.

ئەوانەی ئەو پیاهەڵدانە، هاوسۆزییە، هاوڕاییییەیان زۆر پێویستە لە وتارداندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. لەبەر ئەوەیە ڕەنگە فەڕەنسییەکان کە کەمترین شیعریان هەیە لە نێوان هەموو ئەو نەتەوە گەورە و ڕۆشنبیرانەدا لە وتاربێژە

بێوێنـەکان بـن، لـە کاتێکـدا کۆمەڵایەتیتریـن و بەفیزترین و کەمترین پشتیوانی بۆ خۆیان دابین کـردووە.

ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وەک باوەڕمان پێیەتی، تیۆری ڕاستەقینەی جیاوازی باوی نێوان وتاردان و شیعر بێت؛ بە پێچەوانەوە ناتوانین گومانمان هەبێت جیاوازییەکەی سەرەوە جیاوازییەکی ڕاستەقینە بێت، وەک دەبینرێت نەک تەنیا لە زمانی وشەکاندا، بەڵکوو لە هەموو زمانەکانی تردا ڕاستە و هەموو بوارەکانی هونەر دادەپۆشێت.

بۆ نموونە میوزیک وەربگرە: ئێمە لەو هونەرەدا، کە هۆکاری دەربڕینی سۆزە، دوو ڕەوشتی تەواو جیاواز دەدۆزینەوە؛ یەکێکیان دەکرێت پێی بگوترێت شیعری میوزیکی، ئەوی تریان وتاری میوزیکی، ئەگەر ئەم جیاوازییە تێبگەین، کۆتایی بە زۆر کێشمەکێشی میوزیکی و ڕێبازە جیاوازەکان دەهێنێت.

مشتومڕێکی زۆر لەسەر سروشتی میوزیکی ڕۆسینی هەبووە (مەبەستمان ئەو میوزیکەیە ئایا تایبەتمەندی ئاوازدانەر لەگەڵ دەربڕینی سۆز دەگونجێت، یان نا؟)

بێگومان، ئەو ناسکی و دڵتەنگی و خەم و پەژارەیەی مۆزارت، یان بێتهۆڤن نییە کە بیری لێ دەکاتەوە، بەڵکوو هونەری مەزنیی شیعرەکەیە، ئەویش سۆزە، سۆزێک خۆی دەڕێژێتە ناو گوێچکەکانی کەسانی دی و لەوێدا بۆ کاریگەریی دراما شانۆییەکەش باشترە، چونکە بۆ گفتوگۆکردن سروشتێکی گونجاوی هەیە.

مۆزارت لە ئاخاوتنی میوزیکیدا کەسێکی مەزنە؛ کاریگەرترین ئەفراندنەکانی لە ستایلی تاکوێژیدایە.

کێ دەتوانێت خەیاڵی دۆڤ سۆنۆ بکات و گۆهداری نەبێت؟ ئێمە وابیردەکەینەوە بیستوومانە، ئەمە بۆ زۆر لە باشترین ئاوازە نەتەوەییەکان ڕاستە.

کێ دەتوانێت ئەو وشە هەستبزوێنانە نەبیستێت کاتێک شاخەوانێک خەمەکانی لە دەربارەکان دەچڕێنێت.

**دڵم لە بەرزاییەکانە، لێرە نییە؛**
**دڵم لە بەرزاییەکانە، لە ڕاوی ئاسکێک**
**لە ئاسکە کێوی و شوێنکەوتنی کەروێشکێک**
**بۆ هەر شوێنێک بچم، دڵم هەر لە بەرزاییەکانە**

(شیعری شاعیری سکۆتلەندی ڕۆبێرت بێرنز (١٧٥٩-١٧٩٦)، بەرزاییەکان بەواتای (هایلاند) کە هەرێمێکە لە سکۆتلەند)

کێ دەتوانێت ئەم وشە هەستبزوێنانە نەبیستێت، چۆن هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئاوازێکی هەستبزوێندا کردووە، بە خەیاڵ بتوانێت گۆرانیبێژەکە ببینێت؟ ئەو گۆرانییە هەمیشە وەک سەرگوزەشتەی زیندانییەک لە ژێرخانێکی تەنیایی پیشان دەدات، هەرچەندە خۆشمان لە نزیکییەوە بە نادیاری گۆهداری دەبین.

سکۆتلەندییەکان بۆ ئازادی وەک سروودێکی نەتەوەیی دەیانگوت: ئەی سکۆتلەندییەکان، ئێوە لەگەڵ والاس خوێنتان ڕشتبوو (Scots wha hae wi‹ Wallace bled) ئەمە میوزیکەکەی هێندەی شیعرەکە ڕەوانبێژییە، میوزیکێکی پڕ سۆزە بەتەواوی لە مونۆلۆگدا بەشدارە.

ئەم میوزیکە خەمناکەی ڕۆح، قوت دەخوات، ڕەنگە کەسانی تر لە چواردەوری بن، بەڵام بیریان لێ ناکاتەوە. کاتێک عەقڵ دەڕوانێتە ناوەوە، نەک دەرەوە، ناتوانێت حاڵەتەکان بە خێرایی بگۆڕێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو لێشاوی یەکسان و نەپچڕانە، کە نزیکە لە یەکدەنگی، لەڕێی وشە، یان میوزیکێکی غەمبار

و دڵتەنگەوە دەبەخشێتە خوێنەرێکی باش، یان گۆرانیبێژێکی زیرەک.

خەم، کە شێوازێکی نزا، یان سکاڵا وەردەگرێت، دەبێتە وتاربێژی، ئیدی ئەو نزم و یەکسان و کۆنترۆڵکراوەی نامێنێت، دەبێتە ڕیتمێکی تەواو، لەبری چەند نۆتەیەکی خاو و یەکسان، یەک بە دوای یەک بە ڕێکی دێن، نۆتە لەسەر نۆتە کۆدەکاتەوە و زۆرجاریش بە خێرایی و قەرەباڵغییەوە وەک خۆشییەک دەردەکەوێت.

ئەوانەی ئاشنای بەشێک لە باشترین ئەفراندنە ناوازەکانی (ڕۆسینی)ین، وەک ئاوازی (تۆ دڵنەوایی بەدبەختەکان دەکەیت – Tu che i miseri conforti) لە ئۆپێرای تانکرێدی (Tancredi)، یان دوویتی (یادەوەریم mia memoria – ) لە لاگازا لادرا (La Gazza Ladra)، ڕاستەوخۆ تێدەگەن و هەست بە مەبەستەکەی دەکەن.

ئەم دوو ئاوازە زۆر تراژیدی و تژین لە سۆز؛ سۆزی هەردووکیان سۆزی وتاربێژییە، نەک شیعر. هەمان شت دەکرێت بگوترێت دەربارەی ئەو نزا هەستبزوێنەی لە فیدیلیۆی (بیتهۆڤن) دا ڕەنگی داوەتەوە.

**«وەرە، هیوا، با دوا ئەستێرەی ماندوێتیمان تاریک نەبێت»**

تێیدا خاتوو دێڤرێینت لە هاوینی ڕابوردوودا دەربڕینێکی بێوێنەی هەستبزوێنی پێشکەش کرد، زۆر جیاوازتر بوو لە گۆرانییە جوانەکەی پاگا پیی (Paga pii)، کە ڕۆحی خەمناکی خۆی لە تەنیاییدا دەربڕییوو؛ هەر بۆیە ئەو وشانەی شیعرەکەی پێ دروست کرابوو وا دەردەکەوت نەک تەنیا ڕاستەوخۆ خەم دەردەبڕێت، بەڵکوو خەمباری و پەشیمانی بوو.

ئەگەر ئێستا لە میوزیکی ژێدەرەوە بپەڕینەوە بۆ سەر میوزیکی ئامێری، لەوانەیە نموونەیەکی وتاردانی میوزیکی لە هەر سیمفۆنیایەکی سەربازی، یان مارشێکی ناوازەدا ببینین، لەکاتێکدا وا دەردەکەوێت شیعری میوزیکی لە پێشەکییەکەی (ئێگمۆنتی بتهۆڤن)دا گەیشتبێتە لووتکە.

ئێمە گومان دەکەین لەوەی دەربڕینێکی ئەوەندە قووڵ لە شکۆ و غەمباری لە هیچ نموونەیەکی دیدا بە تێکەڵاوی و تەنیا بە دەنگ دروست کرابێت!

لەو هونەرانەی ئاخافتن لەگەڵ چاو دەکەن، هەمان جیاوازییەکان ڕاست دەبنەوە و دەبینرێن، نەک تەنیا لە نێوان شیعر و وتاردا، بەڵکوو لە نێوان شیعر، وتار، چیرۆک و وەسفی سادە، یان لاساییکردنەوە.

بۆ نموونە لە بەرهەمە هونەرییەکاندا وەسفکردنی پۆرترێتێک و دیمەنێکی سادەی سروشتی دەهێنینەوە. ئێمە دەڵێین: دروستکردن لە بەرهەمە میکانیکییەکاندا کارێکی ئاسانە نەک لە هونەرە جوانەکان، دەکرێت پۆرترێتێک، یان دیمەنێک بەرهەمێکی تەقلیدی سادە نمایش بکات، بەڵام ئەفراندن بێت.

کاتێک دەبینین وێنەیەک وەک پۆرترێتێکی لۆرێنس، یان یەکێک لە دیمەنەکانی تێرنەر، تەنیا کۆپیکردنەوەی سروشت نییە: بەڵکوو یەکەمیان لەگەڵ خەسڵەتە دیاریکراوەکان ئەو دەربڕینە تایبەتە کۆدەکاتەوە (لە نێوان باش و دڵخۆشکەرەکان) و زۆرترین تواناییان بۆ تێکەڵکردن هەیە، بۆیە لە کۆکردنەوەیاندا، توانایی دروستکردنی جوانییەکی ڕاستەقینەی گەورەتریان هەیە.

دووبارە تێرنەریش، دیمەنی دیاریکراوی سروشت لەگەڵ هەر ئاسمان و سێبەر و ڕووناکییەک یەک

دەخات، ئەو بەتەنیا گوزارشت لە شتانێک دەکات کە کاریگەریی لەسەر خەیاڵ بەهێزتر بێت.

وەک دەبینرێت لە هەردووکیاندا هونەرێکی داهێنەرانە بوونی هەیە نەک کارکردن لە دوای مۆدێلێک، بەڵکوو بەدیهێنانی بیرۆکەیەک هەیە و داهێنەرانە دەری دەبڕن.

هەرشتێک لە وێنەکێشان، یان لە پەیکەرسازیدا هەوڵی دەربڕینی هەست، یان کەسایەتی بدات، ئەوە تەنیا دۆخێکی دیاریکراوی هەستی خودە و گەشەی کردووە، دەکرێت بە پێی حاڵەت پێی بگوترێت، شیعر، یان وتاری هونەری وێنەکێشان و پەیکەرسازی.

ئەگەر هەستەکە خۆی بەو نیشانانە دەربببڕێت کاتێک کە بێئاگاین و خۆڕسکانە و بە ئەنقەست دەرچووە، وتارەکەش ئەو نیشانانە بێت کە بۆ مەبەستی پێوەندی خۆبەخشانە بەکارهاتووە (وەک خەیاڵێکی تەنیایی) ئەوە شیعرە.

شیعرییەت لە وێنەکێشاندا پێدەچێت لە تابلۆی کچە گوندنشینەکەی ڕێمبرانت، یان لە هەر مریەمێکی پاکیزە، یان لەمەگدەلینەکەی گویدۆدا گەیشتبێتە بەرزترین ئاستی کاملی.

لە پەیکەرسازیشدا لە هەر پەیکەرێکی خواوەندی یۆنانییەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی جوانییەکانیان، تەنیا جوانی فیزیکی (ڕووتی) نییە، ئەوانە مۆدێلێکی ئەوەندە تەواون، هەوڵی پشتڕاستکردنەوە، یان ڕکابەریی بۆچوونی فەیلەسووفەکان نادەن، لە کاتێکدا ئەو جوانییە فیزیکییەش هەر بۆ دەربڕین دەگەڕێتەوە. دەتوانین بە دڵنیاییەوە پێشبینی ئەوە بکەین، لە هیچ کارێکی تری هونەریی مرۆڤدا هێندەی ڕۆح بەم شێوەیە لە ماددەیەکی بێ گیانەوە (واتە پەیکەر) نادرەوشێتەوە.

ئەم شێوازی گێڕانەوەیە وەڵامی شتانێک دەداتەوە کە پێی دەوترێت وێنەکێشانی مێژوویی. لای ڕەخنەگران وەک لووتکەی هونەریی وێنەکێشان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بێگومان ئەوە سەختترین لقی هونەرەکەیە، چونکە لە تەواوکاریدا بەفۆرمێک هەموو لقەکانی دیکە لە خۆدەگرێت، وەک شیعرێکی ئێپیک، هەرچەندە تا ڕادەیەک ئێپیکییە (گێڕانەوەیە) نەک شیعر، کەچی بە هەوڵێکی گەورەی حەماسی شاعیرانە دادەنرێت، بۆیە هیچ جۆرە شیعرێک نییە کە بە گونجاوی جێگەی خۆی تێدا نەدۆزێتەوە، بەڵام وێنەیەکی مێژوویی، وەک خۆی، واتە وەک پیشاندانی ڕووداوێک، بە پێویستی بزانێت، لای ئێمە دەربکەوێت لاواز و بێ کاریگەر دەنوێنێت.

تواناییەکانی گێڕانەوەی وێنەکێشان زۆر سنووردارە. دەگمەنە هیچ وێنەیەک، هیچ زنجیرەیەکی وێنەیی، ئێمە بناسین، چیرۆکی خۆیان گێڕابێتەوە ئەگەر وەرگێڕێک یارمەتی نەدابێت، واتە پێویستە چیرۆکەکە پێشوەختە زانرابێت؛ ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە جوانی و گونجاوییەکی زۆر لە وێنەکەدا دەبینرێت. بۆ ئێمە فیگەرە تاکەکان، ئەفسوونی گەورەن، تەنانەت لە وێنەیەکی مێژووییشدا هەمان پەیام دەبەخشنەوە.

لە ناو ئەمانەدا هێزی هونەر بەڕاستی دەبینرێت، لە هەوڵی چیرۆک گێڕانەوەشدا، نیشانە بینراو و هەمیشەییەکان زۆر لە دواوەی نیشانە بیستراوە کاتییەکانن، بە خێرایی یەک لە دوای ئەویتر دەڕۆن.

ڕوخسار و فیگەر لە وێنەیەکی چیرۆک ئامێزدا، تەنانەت ئەگەر هیی هونەرمەند (تیتیان)یش بێت هەر وەستاو و بێ جووڵەن. کێ هەیە وێنەی مریەم و منداڵەکەی ڕافائیل نەخاتە پشت هەموو ئەو وێنانەی (ڕۆبێنس)ەوە، بە ڤینۆسە هۆڵەندییە قەڵەو و قژ بژەکانیشەوە؟

هەرچەندە ڕوبێنس بێجگە لە شارەزایی خۆی بەسەر هەموو بەشە میکانیکییەکانی هونەرەکەی

به شێوەیەک لە شێوەکان لە هەمووان سەرکەوتووتر بووە. زۆرجار لە گرووپکردنی فیگەرەکانیدا بەهرەی ڕاستەقینەی پیشان داوە، کە کێشەی تایبەتی وێنەکێشانی مێژووییە، بەڵام پێشتر کێ، بێجگە لە خوێندکارێکی سادەی وێنەکێشان و ڕەنگ، ویستوویەتی دووجار سەیری هەر یەک لە فیگەرەکانی بکات؟ هێزی وێنەکێشان لە شیعردایە، ڕوبێنس تەنیا هەستێکی کەمی بووە لە چیرۆک گێڕانەوە، ئەگەر نا، لەوانەیە تێیدا سەرکەوتوو بووایە.

فیگەرە تاکەکان لە وێنەیەکی مێژووییدا، زیاتر وتاری وێنەکێشانن وەک لە شیعر، ئەوان زیاتر (ئەگەر لە تەواوی وێنەکە دەرنەچن) هەستەکانی مرۆڤێک دەردەبڕن کە بەهۆی بوونی کەسانی ترەوە گۆڕاون.

بەم پێیە ئەو عەقڵانەی زیاتر مەیلیان بەرەو وتار دەبات نەک شیعر، پەنا دەبەنە بەر وێنەکێشانی مێژوویی، بۆ نموونە، وێنەکێشە فەڕەنسییەکان، بە دەگمەن هەوڵی پۆرترێت دروستکردنیان دەدا، نەیاندەتوانی هیچ شتێکی زیاتری دی لێ بەرهەم بهێنن هاوشێوەی مامۆستا ئیتاڵیاییەکان، ئەگینا دەیانتوانی ڕۆژ دوای ڕۆژ لۆڤەرەکەیان پڕ بکەن لەو جۆرە تابلۆیانە، هەر بۆیە پێویستە هەموویان مێژوویی بن؛ ئەوان، زۆربەیان ئێستیان کرد و تێیدا وەستان.

ئەگەر بمانەوێت بە پێی خەیاڵمان هۆشدارییەکی گرنگ بدەینە هەر هونەرمەندێکی گەنج، دژی ئەو جۆرە ناڕەوایەتییە لە وێنەکێشاندا کە هاوتای قسەی زل و نارێکە لە هونەری نواندندا، جارێک بەناو گەلەری لوکسەمبورگدا بڕوات و بگەڕێتەوە؛ تەنانەت ئێستاش کە دەیڤید، تێکدەرە گەورەکەی چێژە، لەم جیهانە بۆ جیهانێکی دی گوێزراوەتەوە، لە لوکسەمبورگەوە بۆ ناو گۆڕەپانی بەرزی لۆڤەر بردوویانە.

پێدەچێت هەموو فیگەرێک لە وێنەکێشانی فەڕەنسی، یان پەیکەرسازیدا وا خۆی پیشان بدات لە بەردەم بینەراندایە؛ ئەوە خراپترین شێوازی تێکچوونی وتاردانە؛ بە هیچ شێوەیەک لە هیچ شێوازێکی شیعریدا نین و نابن، وەک چۆن پەیکەرە باشترینەکان ڕەپ وەستاون و ناسروشتین؛ بەهەمان شێوەش خراپترینەکانیان لە فیگەرە نەخۆشەکانی بوورانەوە و ڕەقبوون دەچن.

هونەرمەندە فەڕەنسییەکان خۆیان بە تەقلیدی کلاسیکییەت دەزانن، وا دەردەکەوێت هیچ تێگەیشتن و هەستێکیان بەو ئارامییە نەبووبێت کە تایبەتمەندی و کاری بەربڵاوی هونەری یۆنانییەکان بوون، تا ئەوکاتەی هەرەسیان هێنا.

پشوویەکیان دا، دە هێندە زیاتر بوو لەو توانست و هێزەی خۆیان؛ وەک تۆماس کارلایل دەڵێت: هێز لە گرژبووندا خۆی دەرناخات.

هەندێک بەرهەمی هونەری هەن سەختە لە کام پۆلێنەکانی سەرەوە ڕێکیان بخەین. ئامانجی ڕاستەوخۆی هونەر بەرهەمهێنانی جوانییە وەک چۆن شتەکانی دی جوانییان تێدایە، بێجگە لە بارە دەروونییەکە.

پێدەچێت بەشێکی زۆری هونەر هیچ پێوەندییەکی بە شیعر، یان وتارەوە نەبێت وەک ئەوەی ئێمە پێناسەمان کردووە. بۆ نموونە، پێکهاتەیەکی جوانی نوێ بۆ بە گرووپکردنی دیمەنە سروشتییەکان هەیە، پێکهاتەیەک لە تابلۆیەکی کلۆد، یان سالڤاتۆر ڕۆزای ئیتاڵی وەربگرە، لێرەدا دروستکردنی جوانییەکی نوێ هەیە، کۆکردنەوەی دیمەنی سروشتی، لەگەڵ گونجاندنی بە یاساکانی سروشتی دەرەوە، نەک وەک هیچ مۆدێلێکی ڕاستەقینە؛ دەبینیت ئەنجامەکەی جوانییەکی بێ خەوش و کامڵترە لەوەی ڕەنگە

لە هیچ دیمەنێکی سروشتی ڕاستەقینەی تردا نەیدۆزیتەوە، لێرەدا سیمایەکی شیعریی تەواو بوونی هەیە، بەبێ ئەوەی ئەوەندە جوانیش بن.

یەکێتیی بابەت بە تەواوی و گونجاندنی جوانی تابلۆکە هێشتا لە تاکڕەویی دەربڕیندا دەمێنێتەوە؛ دەربڕینێک بە واتایەکی جیاوازتر لەوەی تا ئێستا ئەم زاراوەیەمان بەکار هێنابێت.

ناتوانرێت بگوترێت شتەکانی ناو دیمەنێکی خەیاڵی، وەک وشەکانی شیعرێک، یان نۆتەکانی مێلۆدییەک دەوترێنەوە، لە کاتێکدا دەربڕینی ڕاستەقینەی هەستێکن؛ دەبێت هەستێک لەگەڵیدا هاوئاهەنگ بێت، مەیلی ئەوەی هەبێت مێشکی بینەر بورووژێنێت. دەبێت هەستێکی گەورەیی، خۆشەویستی، دڵخۆشی، کێویی بوون، خەم، یان ترس بووروژێنن.

وێنەکێش دەبێت بابەتە سەرەکییەکانی بەو وێنەسازییانە دەورە بدات، بە فۆرمێکی خۆڕسکانە لە مێشکێکی زۆر خەیاڵیدا سەر هەڵبدەن، بیر لەو شتانە بکاتەوە کە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو هەستانەی مەبەستە کە بورووژێنرێن، ئەمە ئەگەر شیعر نەبێت، ئەوەندە نزیکە لێیەوە، بە ئەستەم پێویستی بە جیاکردنەوەیە.

بەم پێیە دەتوانین باسی شیعری تەلارسازیی بکەین، هەموو تەلارسازی، بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش بێت، دەبێت دەربڕین، یان هێمای هەندێک بیرۆکە سەرنجڕاکێش بێت، بیرێک کاریگەری لەسەر هەستەکان دابنێت.

هۆکاری ئەوەی تەلارسازیی مۆدێرن بۆچی ئەوەندە بێ بایەخە، تەنیا ئەوەندەیە دەربڕینی هیچ بیرۆکەیەک لە ئارادا نییە؛ تەنیا لاساییکردنەوەیەکی سادەی زمانی تەلارسازیی یۆنانییەکان، یان تیووتۆنییەکانی (هۆزێکی کۆنی باکووری ئەورووپا بوون) باپیرەمانە، بەبێ ئەوەی هیچ چەمکێکیان بۆ هیچ مانایەک هەبووبێت.

ئێستا بۆ ئەوەی خۆمان لە ناو بینا ئاینییەکاندا ببینینەوە، ئەم بەشانەی شیعر وەردەگرن، بە ڕێژەیەک دەتوانن هەستەکانی پەرستش دەرببڕن، یان لەگەڵی هاوئاهەنگ بن. ئەو هەستانە بەپێی ئەو چەمکانەی لەبارەی بوونەوەرەکانەوە هەن جیاوازن، بە هۆی سروشتی گوماناوییانەوە ورووژێنراون.

بۆ یۆنانییەکان، ئەم بوونەوەرانە وێنەی گەورەترین جەستەی فیزیکی خەیاڵکراو بوون، تێکەڵ بە هێزی سەرووسروشت کرابوون، پەرستگە یۆنانییەکانیش ئەمانەیان دەربڕیوە، دەستی کارەکتەری باڵایان هێزە ڕەسەنەکە بووە؛ بە واتایەکی دی، هێزەکە بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و لاوازیەکەشی بە ئامرازی بچووک بەدی هێنراوە.

لای کاسۆلیکەکان، خوداوەند زۆر مەزن کرابوو؛ بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو مەزنییە لەیەک وشەدا کەمتر ڕوون و دیار بوو، بوونەوەریش هەبوو هێزی زۆرتریان پێدا بوو، بۆ ئەوەی بوونەوەرەکە خۆشەویست و مەزن دەرکەوێت، دەبووایە لێی بترسیت لەکاتێکدا لە ناڕوونی، نهێنی و تێنەگەیشتنی ئاڵۆز پێچرابووەوە.

ڕێوڕەسمی دیاریکراو، هەستی گومان و لەرزۆکی هیوا، وەک ئەوەی کەسێک لە دارستانێکی بێ سنووردا بزر بووبێت و پێیوابێت ڕێگەکەی دەزانێت و دڵنیا نییە، خۆی لە هەموو دەربڕینە ڕاستەقینەکانی پەرستشی کاسۆلیکی تێکەڵ دەکات.

ئەمە بە پلەی یەکەم دەربڕینی کاتدراڵی پاکی گۆتیکییە؛ یەکسانی لە شکۆداری و توندوتۆڵی تێکەڵاوی سەقفی کەوانەیی و ڕێڕەوی کۆڵانە گەورەکان و تێپەڕبوونی «ڕووناکی کزی» ناو پەنجەرە ڕەنگاوڕەنگەکان.

هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزیی لە نێوان وێنەگرتنێک کە دەربڕینی هەستە و وێنەگرتنێک پێدەچێت لەگەڵ هەستدا هاوئاهەنگ بێت، نییە، ئەوان هاوشێوەن.

ئەو وێنەگرتنەی لە ناخەوە هەست دەردەبڕێت، هەمان ئەو وێنەگرتنەشە کاتێک لە دەرەوە پێشکەش دەکرێت، پێی دڵخۆش دەبیت، بۆیە هەموو هونەرێک، بەپێی ئەوەی کاریگەرییەکانی بە وروژاندنی هەستەکان بەرهەم دەهێنێت، بەشێک لە شیعر وەردەگرێت، ئەگەر بەشێک لە وتاردان، یان چیرۆکگێڕانەوە وەرنەگرێت. ئەو جیاوازییەی ئەم سێ وشەیە ئاماژەی پێدەکەن، بەسەر تەواوی هونەرە جوانەکاندا دەکشێت.

ئەو ئاماژانەی سەرەوە هیچ خۆنمایشکردنێکیان نییە بۆ ئەوەی وەک تیۆرێک خۆیان دەرببڕن، ئەمانە تەنیا بۆ ڕەچاوکردنی بیرمەندان پێشکەش دەکرێن، بەو هیوایەی ئەگەر خۆیان ڕاستییەکیان تێدا نەبێت، بتوانن بەشێکی بچووک پێشنیار بکەن، ئەوان هەرچەندە سەرەتایی و پوختەش نەبووبن، شایەنی بڵاوکردنەوە بوون.

لە هەر وڵاتێک، بێجگە لەو وڵاتەی فەلسەفەی هونەریی تێدا بە تەواوی پشتگوێ خراوە، هەر شتێک خزمەتی ئەو عەقڵە پرسیارکەرە بکات و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئەستەمە بتوانێت، چونکە خۆی لە خۆیدا ناتەواوە، کە خۆی ناتەواو بێت، هیچ سوودیشی نابێت.

* سەرچاوە:

بە ئەڵمانی لە کتێبی:

John Stuart Mill (Autobiographie)

وەرگیراوە کە کۆمەڵێک وتاری جۆن ستیوارت میلی تێدایە، یەکێکیان بە ناوی:

Was ist Poesie?

پێشتر لە کتێبی: Thoughts On Poetry And Its Varieties بە زمانی ئینگلیزیساڵی ۲۰۱۰ بڵاوکراوەتەوە، لە کاتێکدا مێژووی وتارەکە بۆ ساڵی ۱۸۵۹ دەگەڕێتەوە.

* جۆن ستیوارت میل یەکێکە لە بیرمەندە بە ناوبانگەکانی سەدەی نۆزدە، لێرەدا هەوڵی داوە بەدیدی خۆی، بە فۆرمێکی فەلسەفی، جیاوازی پەخشان و چیرۆک و شیعر دەربخات.